# ڕاپورتی سیاسی کومیتە ناوەندی کۆمەلە بە کونگرەی ١٣

## مانگی گەلاوێژی ١٣٨٧

**ئەوەی دەیخوێننەوە بەشی یەکەمی ڕاپۆرتی سیاسی کۆمیتەی ناوەندییە بۆ کۆنگرەی ١٣ی کۆمەڵە**

**هەلومەرجی سیاسیی ئێران**

**قەیرانی ئابووری و ئاکامەکانی**

ئەزمەیەکی ئابووری قووڵ نیزامی سەرمایەداری ئێرانی داگرتووە. توندبوونەوەی ئەو ئەزمەیە ئەگەرچی لە بارودۆخی ئێستادا، زۆرتر هۆکاری سیاسی هەیە، بەڵام لە ئەساسدا ئەزمەیەکی ساختاری (پێکهاتە)ییە کە نیزامی سەرمایەداری لەو وڵاتە ساڵەهایە گیرۆدەیەتی و تێیدا دەست و پێ دەکوتێ و ڕێگای دەرباز بوون لێی نادۆزێتەوە.

**پێشینەی ئەو ئەزمەیە:**

بۆ ڕوونتربوونەوەی لایەنەکانی ئەو ئەزمەیە دەبێ چاوێك بخشێنین بە سەر شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧ و ئەو پێشهات و کاریگە ریبانەی کە لە سەر پەیوەندییەکانی چینی سەرمایەدار و چینی کرێکاری داناوە.

شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧ کە بۆخۆی ڕەگ و ریشەی لە ناکۆکییەکان و ئەزمەی سیاسی و ئابووریی سەرمایەداریی ئێراندا بوو، کۆمەڵێك خواست و داخوازیی هێنایە ئاراوە کە لە ناوەرۆکی خۆیدا تایبەتمەندییەکی دژی سەرمایەدارانەیان هەبوو. بوونی چینی کرێکار لەو شۆڕشەدا و ئەو جێگاوشوێنەی کە هەیبوو و ئەو ڕۆڵەی کە تێیدا گێڕای، توانایی و لێهاتوییەکانی ئەو چینەی لە خەباتی سیاسی و کۆمەڵایەتیی ئێراندا بە هەمووان نیشان دا. لە بەرامبەر ڕەوتی ڕوو لە گەشەی رادیکاڵیزاسیۆن و پێگەیشتنی شۆڕش لەو سەردەمەدا، دەسەڵاتە زلهێزەکانی سەرمایەداریی جیهانی بە یارمەتی دواکەوتووی ئایینی کۆماری ئیسلامی، شۆڕشی ئێرانیان لە گەڵ شکست بەرەوڕوو کرد. بە دەسەڵات گەیشتنی کۆماری ئیسلامی و سەرەنجام سە قامگیربوونی ئەو، بەرهەمی شکستی ئەو شۆڕشە بوو. ئەو ڕژیمە بە پەلاماری دڕندانە بۆ سەر بنکە سەرەکییەکانی شۆڕش، ئەو شۆڕشەی خەڵتانی خوێن کرد. بەڵام لە هەمانکاتدا ئەو ڕژیمەی کە لە ئاکامی ئەو شۆڕشەدا هاتە سەر کار، دوای تێپە ڕینی ٣ دەیە بە سەر ئەو شۆڕشەدا هێشتاش نەیتوانیوە بارودۆخێکی لەبار بۆ بەرهەم هێنان و کەڵەکەکردنی سەرمایە بۆ چینی سەرمایەداری ئێران دابین بکات. سەرمایەداریی جیهانی بە یارمەتی کۆماری ئیسلامی، شۆڕشی ئێرانیان تێکشکاند بەڵام لە بەرامبەردا ملی بەهاتنەسەرکاری ڕژیمێك دا کە سیستمی پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان هێشتاش نەیتوانیوە خۆی لە گیروگرفتەکانی دەرباز بکات. چینی سەرمایەداری ئێران کە بە هەست و نستەوە هەستی بە مەترسیی شۆڕش و داڕمانی

سیستمی سەرمایەداری کرد، بۆ دەربازکردنی سیستمی سەرمایەداریی ئێران قەرزداری هەر ئەو رژیمی کۆماری ئیسلامیەیە، بەڵام هیچکات ئەو رژیمەی بە رژیمێکی دڵخواز و جێی پەسندی چینی سەرمایەداری ئێران نەزانیوە.

چینی سەرمایەداری ئێران بە درێژایی سێ دەیەی رابوردوو بە ناڕەزایەتی دەربڕین و هێندێك جاریش بە گوشارهێنان هەوڵی داوە بۆ ئەوەی رژیمی کۆماری ئیسلامی لە پێناو بوون بە رژیمێکی دڵخوازی چینی سەرمایەداری ئێران بۆ دابینکردنی بارودۆخێکی شیاو لە پێناو کەڵەکەکردنی سەرمایەدا پاڵ پێوە بنێت و یەکێك لە بنەچەکانی بوونی باڵەکانی نێوخۆی رژیمی کۆماری ئیسلامیش هەر لەو راستییەوە سەرچاوەی گرتوە. لە روانگەی بورژوازیی ئێرانەوە هەلومەرجێك شیاوە کە بتوانێت تێیدا بەرهەم هێنان و کەڵەکەکردنی سەرمایەداری بە پێی سەرچەشنی سەرمایەداری لە سەردەمی جیهانگیریی سەرمایەدا دابین بکات. بۆ چینی سەرمایەداری ئێران لەم سەردەمەدا کە سەروەت و سامانە نەتەوەییەکان هەرچی زۆرتر ئاوێتەی بازاڕە کانی جیهانی دەبن، بارودۆخی شیاو یانی ئەوەیکە بە پێی نمونە و رێبازە دیاریکراوەکانی دامەزراوە داراییە نێونەتەوەییەکانی وەك بانکی جیهانی و سندووقی دراوی نێودەوڵەتی لە سیستمی ئابووریی نیۆلیبراڵی کە ئەمڕۆکە لە جیهاندا باوە، ئاوێتە ببن. سەرمایەداریی ئێران بۆ ئاوێتەبوون لە بازاڕی جیهانیدا دەبێ بڕیاری ناوەندە داراییەکانی جیهانی بە وردی بەکردەوە دە ربێنێ و لەم رێگایەوە بارودۆخی سەرمایەگوزاری لە ئێران، هەناردنی سەرمایە و بەرهەمهێنان بۆ بازاڕی جیهانی دابین بکات. دەوڵەتی ٨ ساڵەی رەفسەنجانی بە تایبەتی کردنەوەی هێندێك لە بەشەکانی پیشەسازی و خزمەتگوزاری کە بێکارییە کی بەرینیشی بۆ کرێکاران بەدواوە بوو، بە پێکهێنانی هێندێك کۆسپ و تەگەرە لە بواری دەست تێوەردانی دەوڵەت لە ئابووریدا، نەهێشتنی سوبسیدەکان و کەمکردنەوەی خزمەتگوزارییە دەوڵەتیەکان و لەخوارەوە راگرتنی حەقدەستەکان، هێندێك هەنگاوی لە پێناو وەڵامدانەوە بە پێویستیەکانی چینی سەرمایەداری ئێراندا هەڵێنایەوە. دەوڵەتی خاتەمی بە درێژەدان بە هە مان ستراتێژیی ئابووری ویستی گۆڕانکاری و چاکسازییەکانی جێی پەسندی چینی سەرمایەداری ئێران لە رژیمی کۆماری ئیسلامیدا پێك بێنێت و سەرخانی حقوقی و سیاسی بە پێی پێویستیی ئەو ستراتێژە ئابوورییە رێکبخات. بەڵام سە رجەمی ئەو هەوڵانە لە گەڵ شکست بەرەوڕوو بوونەوە. خاتەمی بەر لەوەیکە مەترسی موحافزەکاران و باڵی رەکەبەری لە سە ر بێت، لە بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکان دەترسا. شکستی ئیسلاحخوازان نەك بە هۆی رەکەبەرایەتیی تووندی باڵی رەقیب، بەڵکو بە هۆی ئامادەبوونی بزووتنەوەی کرێکاری و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە لە گۆڕەپانی سیاسیدا بوو کە لە دەرفەتێك دەگەڕێن بۆ ئەوەی بە پێی لاوازیەکان و گۆڕانکاریی دەسەڵات لە سەرەوە حاڵەتێکی هێرشبەرانەتر بەخۆیانەوە بگرن. بنەمای گرفتی چینی سەرمایەداری ئێران و رژیمی دەسەڵاتدار بوونی هەر ئەو هێزە کۆمەڵایەتیانە لە لێکدانەوە سیاسیەکان دایە. بوونی هەر ئەو بزووتنەوە کۆمەڵایەتیانەیە کە چینی سەرمایەدار، باڵە دەسەڵاتدارەکان، ئۆپۆزسیۆنی بورژوایی ئێران و دەسە ڵاتدارانی سەرمایەداری جیهانی وا لێکردوە کە بە پارێزەوە دەست بۆ گۆڕانکاری لە رژیمی سیاسیی ئێراندا بەرن.

بەڵام ئاکامەکانی ئەو ئەزمەیە زیاتر لەهەموان لە سەرشانی کرێکاران و جەماوەری دەستەنگ و کەم داهات قورسایی دەکات و ژیانی رۆژانەی ئەوانی خستوەتە ژێر کاریگەری خۆیەوە. ئەم کاریگەریانە دەکرێ بەمچەشنە کورت بکرێنەوە:

**- نائەمنی کۆمەڵایەتی**

ئەگەر رژیمی ئیسلامی بە درێژایی تەمەنی بەردەوام نەیارانی سیاسی خۆی سەرکوت کردووە، زیندانیی کردوون، ئەشکەنجە ی داون، بە تاك و بە کۆمەڵ ئیعدامی کردوون و لەم رێگەیەوە کەشوهەوای سیاسیی ئێرانی نائەمن کردووە، لە چەند ساڵی رابردوودا ئەو نائەمنییە گوازراوەتەوە بۆ قووڵایی ژیانی کۆمەڵایەتی. ئەو نائەمنیە باڵی رەشی بە سەر ژیانی دەیان ملیۆن ئینسانی کرێکار و هەژار و کەم داهاتدا کێشاوە. زۆربەی بنەماڵەکان هەمیشە لە دڵەڕاوکێ و نیگەرانیدان کە نان ئاوەری بنە ماڵەکەیان کەی کارەکەی لە دەست دەدات؟ ئایا حەقدەستی مانگانەیان سەری وەختی خۆی پێ دەدرێ؟ داهاتووی منداڵە کانیان چی لێ دێت؟ دەرهاویشتنی کارگە چکۆڵەکان لە شمولی قانونی کار، قەراردادی سپی ئیمزا، ئاواڵە بوونی دەستی کارفەرما بۆ لە سەر کار دەرکردنی کرێکار بە مەیلی خۆی و لە پاڵ ئەوانەدا پەرەسەندنی کۆمەڵێك ئازاری کۆمەڵایەتی وە کوو گیرۆدەبوون بە مادده هۆشبەرەکان کە ئاسایشی لە هەموو بنەماڵەیەك هەڵگرتووە (ئەوانەی گیرۆدەی بوون بە جۆرێك و ئەوانەیش کە لە گیرۆدە بوونی لاوەکانیان نیگەرانن بە جۆرێکی تر)، لەشفرۆشی، منداڵ فرۆشتن، خۆکوژی، ئەوانە و دەیان دیاردەی دیکە، کۆمەڵگای لە حاڵەتی نیگەرانی و دڵەڕاوکێی بەردەوامدا راگرتووە. "گەڵاڵەی دابینکردنی ئەمنیەتی کۆمە ڵایەتی"، ئەمنیەتی لە ژیانی خەڵك هەڵگرتووە، ئیعدام و شەللاق لێدان لە بەرچاوی خەڵك هاوسەنگیی دەروونی زۆرکەسی تێك داوە.

**- هەڵاوسان و گرانی:**

بە پێی راپۆرتی سەرچاوەکانی سەربەخۆ قیمەتی شانزدە قەڵەم کاڵا و خزمەتگوزاری گشتی کە مەسکەن و نان و گۆشت و کارەبا و گازیش دەگرێتە بەر، لە بەراورد لەگەڵ ساڵی پێشوودا زیاتر لە ٥٠ لەسەد زیادیان کردووە. ئاماری چوونە سەرێی لە رادەبەدەری هەڵاوسان و گرانی بەتەنیا قولایی و بەرینایی کارەساتبار بوونی هەلومەرجی ئابووری ئێران نیشان نادات، رواڵە تی واقیعی ئەو ئەزمەیە کاتێك دەردەکەوێ کە چاوێك لە رادەی حەقدەستی کرێکاران و مواجب بگیرانی ئێران بکەین. بە رامبەر بە دێوەزمەی گرانی و هەڵاوسانی ئابووری رادەی چوونە سەرێی حەقدەستەکان بە پێی پەسەند کراوی شورای عالی کار لەم ساڵدا لە سەدا بیست دیاری کراوە، لە کاتێکدا کە هەر لەم ساڵەدا نرخی پێداویستییەکانی ژیان لە سەدا پەنجا زیادی کردووە. دامەزراوەکانی سەر بە دەوڵەت و کارفەرماکان ساڵی رابردوو لانیکەمی حەقدەستیان ١٨٣ هەزار تمەن لە مانگدا دیاری کرد. ئەوە لە حاڵێکدایە کە بە پێی راپۆرتی بانکی ناوەندیی ئێران لە ساڵی ١٣٨٥ پێداویستیی بنەمالەیەکی ٥ کەسی بە شێوەیەکی مامناوەندی ٦٦٤ هەزار تمەن بەراوەرد کراوە کە ئەو رێژەیە بۆ ئۆستانی تاران دەگاتە نزیکەی ١ ملیۆن تمەن.

**- هێڵی هەژاری:**

بە پێی ئاماری رەسمی وەزارەتی ریفاه و دابینکردنی کۆمەڵایەتی ٩ ملیۆن کەس لە ئێران لە ژێر هێڵی هەژاریدا دەژین. ئەوە لە حاڵێکدایە کە ئەم دامەزراوە دەوڵەتییە هێڵی هەژاری ٤٠٠ هەزار تمەن لە مانگدا دیاری کردووە بەڵام رەقەمی واقیعییەکە لە شارەکاندا لە سەرووی ٦٠٠ هەزار تمەنە و لە تارانیش یەك میلیۆن تمەن بەراورد کراوە. بەو پێیە زیاتر لە ٥٠ لە سەدی خە ڵکی ئیران لە ژێر هێڵی هەژاریدا دەژین. ئەو رێژەیە لە ئوستانەکانی سیستان و بەلوچستان دەگاتە ٧٠ تا ٨٠ لە سەدیش. نزیکەی ٧٠ لەسەد لە کرێکاران لە کارگاکانی ژێر ١٠کەسیدا خەریکی کارن، کرێکارانی وەرزی و هەروەها کرێکارانی

بێکاریش لە شمولی یاسای کار بەدەرن و چوونەسەرێی ٢٠ لە سەدی حەقدەستەکان ئەوان ناگرێتەوە. کرێکاران لەو بارودۆخەدا ئیتر ناتوانن ژیانێکی مەمرە و مەژیش بۆ خۆیان و بۆ بنەماڵەکانیان دابین بکەن و ناشتوانن بەم حەقدەستانەی ئێستایان تەنانە ت کرێی شوێنی نیشتەجێ بوونی خۆشیان دابین بکەن.

**- سزاکان و ئابلۆقەی ئابووری:**

ئەگەرچی بەرپرسانی رژیم ئیدعا دەکەن کە سزاکانی ئابووری بۆ سەر ئێران کاریگەریەکی ئەوتۆی بۆ سەر ئابووری ئەو وڵاتە نییە بەڵام بە پێچەوانەوە وردە وردە کاردانەوەیان لە هەموو بووارەکانی ژیاندا دەردەکەوێ. ئەگەر ئابلۆقەکانی شورای ئاسایش بە گشتی بەشە سەربازیەکانی ئێرانی کردەوەتە ئامانجی خۆی، بەڵام ئابلۆقەکانی دیکە کە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا و دەوڵەت و دامەزراوەکانی دیکەی رۆژئاوایی بە سەر ئێرانیان داسەپاندوە لایەنی زۆر بەربڵاوتری هەیە و کاریگە رییە روخێنەرەکانی ئەوان بە سەر ئابووریی ئێراندا وردە وردە دەردەکەوێت. هەر ئێستا ژمارەیەکی زۆر لە بانکەکانی نێودەوڵەتی خۆیان لە هەر چەشنە مەعامەلەیەك لە گەڵ ئێران دەپارێزن. زۆربەی بەرهەمەکانی پیشەسازیی وڵاتانی رۆژئاوا و بە تایبەت ئەو دامەزراوانەی کە دەستی شیرکەتەکانی ئامریکایی تێدا بێ، هەناردنیان بۆ ئێران قەدەغە کراوە. سەرمایەگوزاری کەلان لە بەشەکانی نەوت و گازی ئێران لە لایەن شیرکەتەکانی رۆژئاواییەوە بە تەواوی راگیراوە و ئەو شیرکەتانەش کە تا ئێستا چالاکییان هەبووە خەریکی تاوتوێ کردنی بارودۆخی خۆیان و ئەگەری هاتنەدەر لە بازنەی ئابووری ئێراندان. داوێنی ئەو ئابلۆقانە تەنانەت ئامرازەکانی ساکاری پیشەسازیشی گرتوەتەوە و کۆمپانیا گەورەکانی کەلوپەل سازیی رۆژئاوا لە فرۆشتنی ئامرازەکانی پیشەسازی بە ئێران پاشگەزبوونەوە. گرفتی دابینکردنی هێندێك لە کەرەستە سەرەتاییەکان لە وڵاتانی خۆرئاواییە وە بوەتە هۆی حەشاردانی ئەو چەشنە کەلوپەلانە لە بازاڕە نێوخۆییەکانی ئێراندا و نرخەکەشیان تا رادەیەکی زۆر بەرز بوەتەوە. لە ئاکامی ئەم سزایانەدا، بە پێی ئاماری باوەڕپێکراو هاتنی سەرمایەی دەرەکی بۆ ئێران لەساڵی ٢٠٠٦دا زیاتر لە ٣٠ لە سەد لە چاو ساڵی پێشووتری خۆی، هاتووەتە خوارێ و لە ساڵی ٢٠٠٧یشدا ئامارەکان هاتنەخوارەوەیەکی زیاتر نیشان دەدەن.

گوشار و سزای ئابووری لە لایەکەوە و مانۆڕی رژیمی ئیسلامی لە مابەینی زلهێزەکاندا، ئابووریی ئێرانی کردووەتە مە یدانی هەڵسووڕانی بەرهەمەکانی وڵاتی چین. هاتنی بەلێشاوی ئەو بەرهەمانە پشتی بەرهەمەکانی ناوخۆیی ئێرانی شکاندووە. شەپۆلی داخستنی کارگا چکۆلەکان لە دەوروبەری تاران و شارەکانی گەورەی دیکەی کە توانای ململانێیان لە گەڵ کاڵای چینی نییە، لە ئاکامی ئەو هەلو مەرجە دایە.

**- کاردانەوەی رژیم لە بەرامبەر قەیرانی ئابووریدا**

رژیمی کۆماری ئیسلامی بۆ بەرەوڕوو بوونەوە لە گەڵ ئەم بارودۆخە هیچ پلانێکی درێژماوەی نییە و گرتنە بەری سیاسە تی دژبەیەك ئابووریی ئێرانی تووشی سەر لێشێواوی کردوە. دەوڵەتی ئەحمەدی نژاد بۆ بەرەوڕوو بوونەوە لەگەڵ ئەم بارودۆخە لە سەر دۆلارەکانی نەوت حیسابی کردوە. ئەو دەوڵەتە تەنها لە ساڵی ١٣٨٦دا نزیکەی ٨٦ میلیارد دۆلار داهاتی نەوتی بووە و بە درێژایی ٣ ساڵی دەسەڵاتدارێتی خۆی نزیکەی ١٧٠ میلیارد دۆلار داهاتی هەبووە. ئەوەش یانی زیاتر لە دەورەی ٨ ساڵەی دەوڵەتی رەفسەنجانی و بە قەدەر داهاتی نەوت لە دەورەی ٨ ساڵەی خاتەمیدا بووە. بەڵام تەجروبە نیشانی

داوە کە پشت بەستن بە داهاتی نەوت و گرتنە بەری ڕێگاچارەی کورت ماوە لە کەمکردنەوەی نرخی هەڵاوساندا دەورێکی ئە وتۆ نابینن. هەر لەم دەورەیەدا تەرخانکردنی بەشێکی زۆر لەو پارەیە بۆ دامودەزگاکانی سپای پاسداران کە پێگەی سەرەکی دەوڵەتی ئەحمەدی نژادن و هەر لە ڕێگای ئەوانیشەوە ڕەوانەکردنی ئەو پارەیە بۆ بازاڕ، دیسانەوە ئاوسانی لە بازاڕی ئێراندا بردووەتە سەر.

### بارودۆخی ئێستای دەوڵەتی ئەحمەدی نژاد

ئەحمەدی نژاد لە دەورەی نۆهەمی هەڵبژاردنی سەرۆك کۆماریدا لە ئاکامی شکستی ڕێفۆرمخوازەکانی حکومەتی و بێتوانایی و دەستەوەستانی لیبراڵیزمی بورژوایی ئێران لە دۆزینەوەی ڕێگاچارەیەك بۆ چوونەدەر لەم قەیرانەی ئێستا، بێتوانایی چینی سەرمایەداری ئێران لە سەپاندنی حکومەتێکی جێ مەبەستی خۆیان لە دوای دەوڵەتی ریفۆرمخوازەکانی حکومەتی و لە ئەساسدا بە پشت بەستن بە هێزی ڕێکخراوی سپای پاسداران و بەسیج و تیپ و تاقمە گۆپاڵ بەدەستەکانی ڕژیم کە لە لایەن خامنەییشەوە پشت گیریان لێ دەکرا، هاتە سەر کار. لە ڕاستیدا ئەحمەدی نژاد بە نیمچە کودەتایەك لە هە ڵبژاردندا دەسەڵاتی بە دەستەوە گرت و هەر ئەو کات ئەو ڕاستیە بۆ هەمووان ئاشکرا بوو کە لەمەو بەدوا لە ناو باڵەکانی ڕژیمدا ئەمجار ئەوە سپای پاسداران و هێزە سەربازیەکانن کە قسەی ئاخر دەکەن.

دەوڵەتی ئەحمەدی نژاد لە بەرامبەر بزوتنەوەی کرێکاری، بزوتنەوەی ژنان، بزوتنەوەی خوێندکاران، بزوتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان بە شێوەیەکی توندتر لە جاران هەڵسوکەوتی کردووە. هێرش کردنە سەر ڕیزی کرێکارانی ناڕازی و دەستبەسەر کردنی چالاکانی کرێکاری، سەرکوتی ژنان لە ژێر ناوی بەڕێوەبردنی گەڵاڵەی بردنەسەرێی ئەمنیەتی کۆمەڵایەتی، هێرش کردنە سەر زانکۆکان و سەرکوتی خوێناوی لە کوردستان لە سەردەمی ئەحمەدی نژادیش دا هەر بە چڕوپڕی درێژەی هەبوو تا بەڵکو لەو ڕێگایەوە لێ نەهاتوویی دەوڵەتی ریفۆرمخوازی خاتەمی لە بێدەنگ کردنی ئەو بزووتنەوانەدا و دابینکردنی ئاسایش بۆ سەرمایەداران نیشان بدات.

دەوڵەتی ئەحمەدی نژاد لە بواری سیاسەتی نێونەتەوەییدا بەو لێکدانەوەیە کە پێیوابوو دەوڵەتەکانی پێشوو بە بایەخ دانەنان بۆ دەسەڵات و گرینگیی ژئۆپۆلیتیکی ئێران لە ناوچەکە، بایەخ نەدان بە کاریگەریی کۆماری ئیسلامی لە سەر ناوەندەکانی قە یران لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا، لەوانە فەلەستین، لوبنان و عێراق، بایەخ نەدان بە جێگاوشوێن و تواناییەکانی ئێران بە حە شیمەتێکی ٧٠میلیۆن کەسیەوە لە گۆڕەپانی دیپلۆماسی لەگەڵ ئەمریکا و خۆرئاوا، بەرژەوەندییەکانی کۆماری ئیسلامییان هەڕاج کردوون، بە بزۆزی کردن لە سیاسەتی دەرەکیدا ویستی وەپێش باڵەکانی دیکەی ڕژیم بکەوێتەوە. ئەم سیاسەتانەی تیمی ئەحمەدی نژاد ئیمکانی بۆ بووش و مەحافزەکارانی نوێی ئامریکا دابین کرد کە بە گەورە کردنەوەی هەڕەشەکانی ڕژیمی ئیسلامی دەست بکات بە هێز نواندن و مانۆر لە مەنتەقەکەدا و دەوڵەتە ئۆروپاییەکان و تا ڕادەیەکیش چین و ڕوسیە بە مەبەستی زەخت خستنە سەر کۆماری ئیسلامی لە خۆی نزیك کاتەوە و مەیدانی مانۆڕی کۆماری ئیسلامی لە نێو زلهێزە ئیمپریالیستیەکاندا بەرتەسك بکاتەوە. بە تاق کەوتنەوەی زیاتری کۆماری ئیسلامی لە ئاستی نێونەتەوەییدا و پەرەسە ندنی داوێنی ئابلۆقە ئابوورییەکانی کۆماری ئیسلامی هەر لە ئاکامی ئەو سیاسەتانەدا بوو. ئەو جێگاوشوێنە لە گەڵ

ستراتێژی ڕاگەیەندراوی ڕژیم لە بواری ئابوورییەوە کە هەر درێژەی بەرنامەکانی پێشوویە و لە گەڵ بەرژەوەندییەکانی چینی سەرمایەداری ئێران و خاوەنانی پیشەسازیەکان کە تا ڕادەیەکی زۆر پێویستییان بە تێکنۆلۆژی خۆرئاوا، کەرەستەی خاو و سە رمایەگوزاریی زۆر و بازاڕی دەرەکی هەیە، یەك ناگرێتەوە.

چینی سەرمایەداری ئێران لە بەرامبەر ئاکام و پێشهاتەکانی ئەو سیاسەتانەدا لە حاڵێکدا کە توانای ڕێکخستنی خۆڕاگرییە کی سیاسی لە بەرامبەر دەوڵەتی ئەحمەدی نژاددا نییە و لە حاڵێکدا کە ئۆپۆزیسیۆنی بورژوا لیبرالی ئێران زۆر لەوە لاوازترە کە وەکو ئاڵترناتیڤێکی حکومەتی بتوانێت پشتی پێ ببەستێت، دەستی داوەتە خۆڕاگری لە بواری ئابووریدا. ئەگەر سەرمایەدارانی ئێران سەرەڕای هاندانی بەردەوامی دەوڵەت خۆیان لە سەرمایەگوزاری لە بواری پیشەسازی و بەرهەمهێناندا دەدزنەوە و چوونەدەری سەرمایەکان لە ئێران پەرەی سەندوە، دەرخەری هەر ئەو خۆڕاگرییەیە.

ئەو بەتاق کەوتنە نێونەتەوەییە، پەرەسەندنی بێکاری، گرانی و هەڵاوسانی هەوسارپچڕاو و بارودۆخی نالەباری کۆمەڵایەتی کە بوارە عەینیەکانی ناڕەزایەتییەکانی کرێکاری و جەماوەری چڕتر کردوەتەوە، ئاکام و پێشهاتەکانی سێ ساڵ سەرۆك کۆماریی ئەحمەدی نژادە. ئەحمەدی نژاد بەو کارنامە سێ ساڵەیەی خۆی سەلماندوویەتی کە کەسێکی شیاو نییە بۆ ڕژیم بە هەموو باڵەکانیەوە. هەر لە بەر ئەوەیە کە هاوشانی ڕەفسەنجانی و ئەو ریفۆرمخوازانەی کە لە مەجلیس ئامادەن و هەر لە هەمان سەرەتاوە نەیاری ئەحمەدی نژاد بوون، بەشێکی بەرین لە ئوسوڵ گەراکانیش کە ئێستا لاریجانی سەرۆکی ئێستای مە جلیس ڕێبەرایەتییان دەکات، ڕاشکاوانە ڕەخنە لە سیاسەتە دەرەکی و ئابوورییەکانی ئەحمەدی نژاد دەگرن و ڕوحانیەکانی حکومەتیش کە ئەحمەدی نژاد بە توندڕەوی ئایدۆلۆژی جێگاوشوێنی پۆلێنکراوی دامودەزگای ئەوانی تووشی کێشە کردوە لێی ناڕازین. بەڵام ڕاستییەکە ئەوەیە کە ئەحمەدی نژاد لە ماوەی سێ ساڵ دەسەڵاتدارێتی خۆیدا لە هەناوی ئەو ڕەوتەدا، جێگاوشوێنی سیاسی و ئابووریی سوپای پاسداران یانی پێگەی حکومەتیی خۆی لە نێو باڵەکانی دەسەڵاتدا وەها قورس و قایم کردوە کە دەسەڵات و جێگەوشوێنەکەی تەنیا بە باڵێك لە خودی سوپای پاسداران دەتوانێت تووشی کێشە بێت.

سوپای پاسدارانی ئێران لە قۆناغی سەرۆك کۆماریی ئەحمەدی نژاددا وردە وردە دەسەڵاتی سیاسی و ئابوورییەکەی چوەتە سەرێ. سوپا بە کۆنترۆڵکردنی زیاتر لە ١٠٠ شیرکەت و زیاتر لە ١٢میلیارد دۆلار سەرمایە لە بازرگانی و بەشی ساخت و سازی ئێراندا دەستی لە بینەقاقای ستراتژیکی ئابووریی ئێران گیر کردوە. خاڵی گرینگ ئەوەیە کە هیچ شتێك ناتوانێ بە سەر چالاکییە ئابوورییەکانی سوپای پاسدارانی ئێراندا چاودێری بکات. لە نێوخۆ و لە دەرەوەی ئێران، زۆربەی پرۆژەکانی وە ك خەتی لولە، جادەکان، پردەکان و تا ڕادەیەکی زۆرتر لەجارانیش پرۆژەکانی نەوت و گاز لە بەردەستی ئەندازیارانی سوپای پاسداران دایە.

لە سەردەمی دەسەڵاتدارێتی مەحمودی ئەحمەدی نژاد دا جێگاوشوێنی سوپای پاسداران لە نێوخۆی حکومەتیش قایمتر بوە. ئێستا نزیکەی ١٤ ئەندام لە کابینەی ٢١کەسیی دەوڵەت فەرماندەکانی پێشووی سوپان. هەروەها زۆربەی کورسیەکانی مە جلیس بۆ بەرەی ئوسوڵگەرایان تەرخان کراوە کە بە گشتی پێشینەی چالاکیی لە سوپای پاسدارانیاندا هەیە. هێزەکانی سەر بە سوپا لە شورا خۆجێی و شارەداریەکانیشدا هەر خەریکی کارن.

بەڵام خاڵی لاوازی ئەحمەدی نژاد لە کێشمەکێش و بەرامبەرکێ لەگەڵ باڵەکانی ڕەقیبی نێوخۆی دەسەڵاتدا ئەوەیە کە عە لی لاریجانی، کەسی سەرەکیی ئێران لە مناقشەی ناوکی و بەرپرسی ئێستای مەجلیسی کۆماری ئیسلامی کە لەم دواییانە دا بۆتە ڕێبەری ئوسوڵگەرایانی ڕەخنەگری دەوڵەتیش، پێشووتر بۆ خۆیشی لە بەرپرسان و ئەندامانی سوپای پاسداران بوە. بە ڵگەکان دەریدەخەن کە باڵە جۆراوجۆرەکانی نێوخۆی دەسەڵات بۆ وەلانانی ئەحمەدی نژاد لە هەڵبژاردنی سەرۆك کۆماریی ساڵی داهاتوودا چاویان بڕیوەتە لاریجانی.

**هەوڵەکانی ڕژیم بۆ مانەوە و دەستەبەرکردنی جێگاوشوێنێک لە ناوچەکەدا**

ئەمریکا و دەوڵەتانی ئەورووپایی هەموو زەختێکیان لە دژی کۆماری ئیسلامی بەکار هێناوە بۆ ئەوەی ڕژیم ناچار بە قە بوڵکردنی بارودۆخی جێی مەبەستی خۆیان بکەن. یەکێتی ئورووپا لە درێژەی هەر ئەو سیاسەتەدا تاوتوێکردنی ئابڵۆقەی نە وت و گاز و بەشی وزەی ئێرانی خستوەتە کاری کۆنفرانسی سەرانی یەکێتیەکەوە بۆ ئەوەی ئەگەر مەرجەکانی جێی مەبە ستی ئەوان ڕەتکرایەوە، ئابڵۆقەیەکی ئابووریی تازە بە سەر ئەو وڵاتەدا بسەپێندرێت.

هاوکات ڕاگەیەنەرەکانی ئەمریکا و ئەورووپا لە کردەوەیەکی هاوئاهەنگ و بەربڵاودا لە ڕاپۆرتی دووردرێژدا ئامانجی مانۆڕە سەبازیەکەی ئەرتەشی ئیسرائیل کە لە مانگی ژوئەنی ئەمساڵدا بەڕێوە چوو، وەکو پرۆڤەکردنێك بۆ بۆمبارانی دامەزراوە ئە تۆمیەکانی ئێران ناویان برد بۆ ئەوەی لەو ڕێگایەوە گوشارەکانیان چڕتر بکەنەوە.

ئەو قەیرانە کە لە سەر ململانێی زلهێزەکانی خۆرئاوایی لە گەڵ کۆماری ئیسلامی سەبارەت بە بەرنامەی ناوکیی ڕژیم هاتوەتە ئاراوە و بوەتە یەکێك لە هۆکارە سەرەکییەکانی قەیرانی ڕژیم لە ئاستی نێوخۆیی و لە ئاستی نێونەتەوەییشدا لە ڕاستیدا کێشمەکێشێکە لە نێوان ئامانجە ستراتێژیکەکانی کۆماری ئیسلامی لە لایەك و ئامانجەکانی ئەمریکاش لە لایەکی دیکەوە. ڕژیمی کۆماری ئیسلامی بۆ ململانێ لەگەڵ زلهێزەکانی خۆرئاوایی و بەتایبەت ئەمریکا بە شوێن ئەو ستراتێژەوەیە کە لە ململانێ لە گەڵ زلهێزەکانی ناوچەکە لەوانە ئیسرائیل و تورکیە و چوونەسەری هەرڕۆژەی هێزەکانی ئەمریکا لە ناوچەکەدا، ببێتە دەسەڵاتێکی سەرەکی لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا بۆ ئەوەی لەو ڕێگایەوە مانەوە و درێژەی دەسەڵاتداریێتی خۆی تەزمین بکات، پشتیوانیی چینی سەرمایەدار و ناسیۆناڵیزمی مەزنخوازی ئێرانی دابین بکات و بە خەیاڵێکی ئاسوودە ترەوە دەست بداتە سەرکوتی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی ناوخۆی ئێران. لە لایەکی دیکەوە ئەمریکاش کە لە بارودۆخی دابە زینی دەسەڵاتە ئابوورییەکەی سەوداسەری سەرکردایەتیی بێ ئەملاوئەولای جیهانی دوای شەڕی ساردی لە سەر دایە دەیهە وێت بە گەورەکردنەوەی دەسەڵاتی ئەتۆمی کۆماری ئیسلامی و بە کەڵك وەرگرتن لە سیاسەتەکانی ئەحمەدی نژاد بە درێژە دان بە میلیتاریزەکردنی ناوچەکە و چڕکردنەوەی کەشوهەوای شەڕ دەسەڵاتی بێ ئەملا و ئەولای خۆی بە سەر ئابووریی و سیاسەتی ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا دابین بکات و کێشەی کۆماری ئیسلامی لە کۆڵ خۆی بکاتەوە. کەوابوو قەیرانی ئێستای نێوان پەیوەندییەکانی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی و دەوڵەتی ئەمریکا کە لە سەر مەسەلەی ناوکی لە ئارادایە، نە بە رامبەرکێی "دێموکراتیزاسیۆن" و "مۆدێرنیزم" لە گەڵ ئیسلامی پیشامۆدێڕنە، نە پەیوەندییەکی بە پێشگیری لە پەرەسەندی

چك و چۆڵی کۆمەڵکوژ هەیە و نە بەرامبەرکێی وڵاتی جیهانی سێهەمە لە گەڵ زۆرویژیەکانی ئیمپریالیستی. ئامانجە کانی ئەو کێشمەکێشە لە لایەن هەردووك لای ئەو قەیرانەوە، سەرمایەدارانە و دواکەوتوانەیە.

ئاشکرابوونی راپۆرتی چەندمانگ لەمەوبەری رێکخراوە سیخوڕیەکانی ئەمریکا سەبارەت بەوەیکە کۆماری ئیسلامی لە ساڵی ٢٠٠٣ بەم لاوە پرۆژەی بەرهەمهێنانی چەك و چۆڵی ئەتۆمی راگرتوە، پەیوەندییەکانی کۆماری ئیسلامی و ئە مریکای سەبارەت بە قەیرانی ئەتۆمی بردە نێو قۆناغێکی نوێوە. ئەوە نیشانەی ئەوە بوو کە گوشارە سیاسییەکان و پروپاگە ندەی شەڕ لە پاشەکشەکردن بە کۆماری ئیسلامی کاریگەر بوە و لە لایەکی دیکەشەوە دەتوانێت دەرخەری هاوسەنگ کردنی سیاسەتەکانی ئەمریکا لە قەباڵ کۆماری ئیسلامی دابێت. ئەو هەڵوێست گۆڕینە لە لایەن هەردووك لایەنی کێشەکەوە نیشانە ی ئەوە بوو کە هەردووك لایەنی ئەو کێشەیە لە دەست پێڕاگەیشتن بەو ئامانجە ستراتیژیکیەی کە لەو کێشمەکێشانەدا بە دوایدا دەگەڕێن، هێندێك ئیمتیازیان دەست کەوتوە. کۆماری ئیسلامی تا رادەیەك زەمانەتی مانەوەی خۆی لە ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی وەرگرتوە و لە هەمانکاتدا کۆماری ئیسلامیش چ لە عێراق و چ لە ناوچەکەدا توانایی رێکخستنی سیاسەتە کانی خۆی لە گەڵ بەرژەوەند و سیاسەتەکانی ئەمریکا لە خۆی نیشان داوە.

رەوتی رووداوەکان نیشان دەدات کە دوولایەنی ئەو کێشەیە بۆ کۆتایی هێنان بەم قەیرانە هێشتا لێکدانەوەیەکی دروستیان سەبارە ت بە تواناییەکانی یەکتری نییە. کۆماری ئیسلامی سەرەڕای ئەو پێگەیەی کە لە ناوەندەکانی قەیرانی خۆرهەڵاتی ناوە ڕاستدا هەیەتی و لە کاریگەریی خۆی بۆ گوشارخستنە سەر ئەمریکا و خۆرئاوا کەڵکی لێ وەردەگرێت، بەڵام نیگەرانیی دە سەڵاتدارانی رژیم لە گەشە و پێشرەویی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان لە ناوخۆ و نارەزایەتییە جەماوەریەکان توانایی رژیمیان لە مانۆڕدان و بەردەوامبوونی ئەو قەیرانە کەم کردوەتەوە.

لە بارودۆخی ئێستادا هەردووك لایەنی ئەو قەیرانە سەرەڕای ئەوەیکە هەوڵدەدەن پێداویستی و تواناییەکانی خۆیان بۆ سە پاندنی بارودۆخی جێی پەسندی خۆیان بۆ سەر لایەنی بەرامبەردا بەکار بێنن، لە هەمانکاتدا بە شوێن فورمولبەندی و گە ڵاڵەکردنی رێککەوتنێکدا دەگەڕێن کە لە بیروڕای گشتیدا وەك شکست لە قەڵەم نەدرێت.

ئەو گۆڕانکارییە لە پەیوەندییەکانی نێوان ئەمریکا و کۆماری ئیسلامیدا بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ئێران دەباتە نێو قۆناغێکی نوێوە. لە ژێر کاریگەری ئەو گۆڕانکارییانەدا هیوا بە دەخاڵەتی ئەمریکا بۆ رووخانی رژیم کە هەتا ئێستاش هەر لاوازتر بوە لە ناو دەچێت و باوەڕهێنان بەوەیکە شۆڕش و رووخانی رژیم تەنیا دەتوانێت ئاکامی پێشرەویی بزووتنەوە کۆمەڵایە تیەکان و لە پێشەوەی هەموانیش بزووتنەوەی کرێکاری بێت لە نێو خەڵکدا بەهێز دەبێت. بەم پێیە گۆڕانکارییەکانی ئەم دواییانە کاریگەرییەکی پۆزەتیڤی لە سەر بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکان دەبێت. بیانووی میلیتاریستی کردنی کەش و هەوای کۆمەڵگا و وەپشت گوێ خستنی داخوازیەکانی جەماوەر بە بیانووی مەترسی دەخاڵەتی سەربازیی ئەمریکا لە رژیم دەسە ندرێتەوە.

رژیم هەرچەندە کە بیهەوێت رێککەوتن لە گەڵ ئەمریکا وەك سەرکەوتنێك بۆ خۆی و بۆ خەڵکی ئێران لە قەڵەم بدات بەڵام ئەو خەڵکانەی کە ئاکام و پێشهاتە کاولکارانەکانی سیاسەتی رێککەوتنی دواکەوتوویی کۆماری ئیسلامی لە گەڵ دواکە

وتوویی ئیمپریالیستیی ئەمریکا لە سەر بەرنامە ناوکییەکانی ئەو رژیمەیان تەجرەبە کردوە و ئاکامەکانی ئابلۆقەی ئابوورییان لە سەر چوونەسەرێی ئاستی هەڵاوسان و گرانیی هەوسارپچڕاو و چڕبوونەوەی هەژاری و گوشارە ئابوورییەکانیان لە سەر ژیانی خۆیان هەست پێکردوە، نەهێشتنی ئەم قەیرانە و رووخانی رژیم بە ئاکامی خەباتی خۆیان دەزانن.

لەو هەلومەرجەدا، دووبەرەکایەتی لە نێو ریزی هێزە بورژوا لیبراڵەکان کە هیوایان بە چڕبوونەوەی گوشارەکانی خۆرئاوا بۆ سە ر کۆماری ئیسلامی بەستبوو، زۆرتر دەبێت. ئەم بەرەیە لە ئۆپۆزیسیۆن بۆ جارێکی دیکە هیوا بە گۆڕانی رژیم لە ناوخۆی خۆیەوە دەبەستن و لە بەرامبەر رەوتی رادیکاڵتربوونەوەی بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکان زیاتر لە رژیم نزیکتر دەبنەوە.

***

**درێژەی ئەم راپۆرتە لە ژمارەکانی داهاتوودا دەخوێننەوە**